ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
3-8-2007 22:00بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**بەراورد کاریەک لەنێوان کورد و ئیسرائیلدا؟؟ ... فواد سەعید**

هۆڵەندا



من زۆر دەمێکە دەزانم کە کورد دەستی لەهەموو مافەڕەواکانی خۆی هەڵگرتووە، ئەمەش هەر قسەی من نییە بەڵکوو مێژوو ئەوە دەسەلمێنێت...
ئەگەر سەیری ڕابردووی خۆمان بکەین کە لە ساڵانی جەنگی جیهانی یەکەم تا ئێستا کورد وەکو نەتەوەیەکی 30 ملیۆنی چی بەدەست هێناوە؟؟ وەئەگەر سەیری وڵاتانی دراوسێ بکەین یان وڵاتانی ئەفریقی کە هەتا ئێستاش زۆربەیان پۆشاک لە بەر ناکەن زۆر لە ئێمە زیاتریان بەدەست هێناوە، سەیر دەکەین ئێمە هەر لە جێ ی خۆماندا لە ناو قوڕاوی خۆ خۆری گێژەڵ دەخۆین.. هەموو ئەوڵاتانەی تر بونەتە خاوەن ووڵات و ئاڵا و دەسەڵات و مافی چارەنوس.. بەڵام تەنها ئێمەی کورد لە دوای دواوە تازە لەسەر ماڵپەڕەی ئەلکترۆنی شەڕە جوێن دەکەین.. !! زۆر بە داخەوە بۆ ئەو هەموو شەهیدانەی کە گیانیان بە خت کرد بۆ کوردوستان و بۆ ڕزگاری گەلەکەیان.. بەڕاستی جێگەی داخە گەلێکی وەک گەلی کورد ئەمە ندە زوڵمی لێکراوە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە هەموو مەرجێکی بێگانە ڕازیە ئامادە نیە هیچ ڕۆحێکی لێبوردنی هەبێت بەرامبەر بە هاوزمانەکەی یان پارتەکەی بەڵام ئامادەیە هەمیشە دوای کوشاترێکی زۆر لە لایەن دوژمن دەست بخاتە ناو دەستی و هەر وا بزانێت کە هیچ ڕووی نەداوە.. هەر وا بزانێت کە مێژوو هەمووی درۆو ئەفسانەیە.
ئەگەر بێت و ئێمە بەراوردکاری بکەین لە بەینی کورد و ئیسرائیل چی دەبینین؟ کورد هەمیشە کاری کردووە بۆ ڕازی کردنی بێگانە و بەرژەوەندی تاکەکەسی ماددی یان سیاسی، ئیسرائیل هەمیشە کاری کردوە بۆ پاراستنی خاکی ئیسرایل بەگشتی بۆ گەلی ئیسرائیل.
کورد هەمیشە بەپارە کڕاوە لە لایەن بێگانە یان ووڵاتانی هاوسێ بۆ مافی تاکەکەسی و ئیشی سیخوڕی، ئیسرائیل هەمیشە بێگانەی کڕیوە بۆ پاراستنی خاکی ئیسرائیل. کورد هەمێشە کە دەسەڵاتی هەبێت دەیەوێت نیشانی بدات ئازادی خوازە، ئیسرائیل دەسەڵاتی هەبێت دوژمنەکەی لە ناو ماڵی خۆی دەکوژێت. کورد دەڵێت باوەڕمان بە تۆڵە نیەهەرچەند ە دوژمن بەخوێنی سەرمان تینوە و لە ناو خاکی خۆمان تیرۆرمان دەکەن، ئیسرائیل دەڵێت هەرکەس دەستی هەبێت لەکوشتنی جولەکەیەکدا دەبێت سزاکەی بدات هەرچەند لە ووڵاتی خۆیان سزای لەسێدارە دان نیە..
کورد ئێستا ئامادەیە بۆ پارەو دەسەڵات ئەوەشی بەدەستهاتوە لەدەستی بدات، ئیسرایل ئامادەیە هە موو پارەی جولەکە مەسرەف بکات بۆ پارێزگاری کردن لەووڵاتەکەیان..
کورد ڕێز لە جاش و خۆفرۆش دەگرێت و سزای نادات ئەگەرچی یاریدەدەری بەعس بوون بۆ ئەنفال، ئیسرائیل هەموو خیانەت کارێک سزا دەدات هەرکەسێک بێت و لەهەر شوێنێک بێت...
ئەمە چەند نمونەیەکی سادە بوو کە ناوم برد، بەڵام ئەگەر ئیمە بێین سەیرێکی مێژوو بکەین وەپێیدا بچینەوە چی دەبینین؟ دوبارەبونەوەی هەڵەکان کەلەمێژوی نەتەوەکەماندا ڕویداوە لای من مێژوو مانای دەرس وەرگرتنە لە هەڵەی باو باپیرانمان، بەڵام وا دیارەئێمە تا دەستمان نەسوتێت باوەڕ بەگە رمی ئاگر ناکەین..
لە سەرەتای دروست بونی ئیسرائیل لە دوای جەنگی جیهانی دووەم بەزوو ترین کات محاولەیان کرد هەموو جولەکە بەهەر نرخێک بێت بهێنن بۆ ووڵاتە ساواکەیان، وە ئەوەشی کەخۆی نەدەهات دەیتوانی بە پارە یارمەتی ئەو ووڵاتە ساوایەی ئیسرایل بدات بۆ دروست کردنی ئەو ولاتەی کە ئیمرۆ بەهەموو ووڵاتانی عەرەب ناتوانن هیچ فزەیەک بکەن لە ئاستیدا..

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
3-8-2007 22:00بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

زۆر کەس هەیە دەڵێت کێشەی کورد و کێشەی فەلەستینی یەکێکە، ئەمەش بوختانە ڕاستی مەسەلەکە ئەوەیەکاتێک کە ئیسرائیل دروست بوو جولەکەکان دەستیان کرد بەکڕینی خانووبەرەو فەلەستینی کە وتنە فرۆشتنی خانووبەرە، چونکە جولەکە زۆر پارەی زیاتری دەدا بۆ کڕینی خانو لەو نرخەی کە عەرە ب دەیدا بۆ کڕینی خانویەک لەو سەردەمەدا.. کەواتە جولەکە خاوەنی ئیسرائیلە بەشەرعی نەک وەک ئەوەی کە عەرەب دەڵێت داگیرکراوە. بەڵام کورد وولاتەکەی لێ زەوت کراوە لە لایەن تورک و عەرەب و فارسەوە ئەمەش دوو کێشەی یەکسان نین بەڕای من و بەڕای هەموو کەسێکی ڕووناک بیر.
ئێمەی کورد ئێستا دەتوانین چەند کەسێک لە تاوانبارانی دژ بەمیللەتی کورد بدەینە دادگا وە مافی خۆمانیان لێ داوا بکەین و تۆڵەی گیانی شەهیدان بکە ینەوە بەڵام بەداخەوە خەڵکانێک هەن ئێستا دژی ئەوەن کە تۆمەتباران لە کوردستان لە سێدارە بدرێن..
ئیسرائیل بۆ یەک سەربازی خۆی چەندین لوبنانی کوشت زیاتر لە. 000 80 کەس بێ ماڵ و خانوو بوون تا بتوانێت نیشانی دوژمنی بدات کە کەس ناتوانێت زەفەری پێ بەرێت وەگیانی سەربازێک زۆر نرخی زیاترە لە گیانی هەزاران عەرەب کورد ئەنفال دەکرێت و دەیەوێت لە دوژمنەکانی ببورێت و عە لی کیمییای نەهێننە کوردستان بۆ هەڵواسین ئیسرائیل بۆ بکوژانی یاری چیە ئیسرایلیەکان لە ئەلمانیا 7 ملیۆن دۆلاری دا بۆ تۆڵە سەندنەوە، هەموو ئەو کەسانەی کوشتەوە کە دەستیان هەبوو لەو کارە تێرۆریستیەدا..
ئێمە ئێستا دوژمنی گەلەکەمان دێننە بەردەستمان بەبێ پارە دەڵێین نامانەوێت ئێمەڕزگاری خوازین وپیاو کوژ نین، ئەمە بەڕای من ئەوە ناگەێنێت کە ئێمە زیرەک و سیاسی و بەتواناین بەڵکوتەنها ئەوە دەگەیەنێت کەئێمە هێشتا زۆر جاهیلن و چاک و خراپ لێک جیا ناکەینەوە و ڕاست و چەپی خۆمان نازانین.. لەبەر پارە کەس ئاگای لەکەس نەماوە بۆیە هەر لە سەرەتای نوسینەکەمدا داخم هەڵکێشا بۆ شەهیدان.
ئەمریکا و ئیسرایل بۆ دوژمانی خۆیان ملیارەها دۆلار سەرف دەکەن، لە واشنتۆن دەچن بۆ تۆرابۆرا و بۆ هەورامان، لە ئیسرائیل بۆ بەیروت و بەرلینی غەربی و ئەرجەنتین، تورکیا دەچێت ئاپۆ دەفرێنێت لە کیشوەری ئەفریقا، بەعس چوو بۆ نەمسا بۆ تێرۆر کردنی بەرێز کاک مەسعود بارزانی ئێمەش عەلی کیمیایمان بۆ دێنن بۆ هەڵواسین کەچی خەڵکانێک هەن دژی ئەمەن.
زۆر سەرم سوڕماوە لە ئەقڵی کورد، پێش ئەوەی بڵێن عەلی کیمیایی دێنن بۆ هەڵەبجە هەموو داواکاری خەڵک ئەوەبوو عەلی کیمیای بهێنن بۆ هەڵواسین بۆ هەڵەبجە یان یەک دانیشتنی دادگایی لەهەڵەبجە بکرێت، ئێستا ئەوان دەڵێن ببەن هەڵی واسن کەچی نایانەوێت وا دەزانن هەڵواسین بە کارەبا دەکرێت وە کارەبا کەمە لەکوردستان..
کەمێکیش لامدا لە نوسینەکەم بەڵام بەهەرحاڵ من زۆر دڵم ژان دەکات بۆ ئەو گەلە کەوا هەڵسوکەوت دەکەن لەگەڵ ناحەزانمان، ئایا چۆن بتوانین وەڵامی دایکی شەهیدان بدەینەوە، چۆن بتوانین وەڵامی مێژوو بدەینەوە.. تورکیا بەساغی داوامان دەکات بۆ هەڵواسین عراق بەکیمیایی ئێران بەتێرۆر لەناو خاکی کوردوستانی عراق.. سوریا بەعەرەبی هاوردە.. ئێمەش دڵمان گەورەیەو مافی مرۆڤمان لایە نامانەوێت دوژمنە سەر سەختەکانمان لای ئێمە هەڵواسن.. خۆزگە دەمزانی کورد چی دەوێت بێجگە لە پارەو ئەرزە؟؟
هیوادارم بەخۆماندا بچینەوەو بتوانین وانە لە ڕابردوو وەربگرین وە ڕەفتاری پێوەبکەین و هەڵەکانمان دووبارە و سێ بارە نەکەینەوە...
لەگەڵ ڕێزمدا بۆ خوێنەران.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.